**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٦ پەسەندی کردووە.

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩**
**یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**زاراوەکان**

**ماددەی (١):**
مەبەست لەو زاراوانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ماناکانیان لە بەرامبەریاندا نووسراوە:
**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
**دووەم: حکومەت**: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
**سێیەم: وەزیر**: وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
**چوارەم: وەزارەت**: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
**پێنجەم: ئامرازەکانی میدیا:** تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، تۆڕ و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دیکە.
**شەشەم: ئامرازەکانی پەیوەندیکردن**: هێڵەکانی تەلەفۆن، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە.
**حەوتەم: ریکلامی بازرگانی**: خزمەتگوزاریەکە، لە ڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی و لە ڕێگەی تابلۆ و دیوار و سکرین، بە ئامانجی ڕەواجدان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یان بەرهەم، بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی.

## مەرجە گشتییەکان

**ماددەی (٢):**

مەرجە گشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام:

**یەکەم:** پێویستە هەموو ریکلامێك مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری بەرهەمەکەی هەبێت، پێش بڵاوکردنەوەی.

**دووەم:** دەبێت پەیامی ریکلام ڕاستگۆیانە و ڕوون و ڕەوان بێت.

**سێیەم:** لەکاتی بەکارهێنانی توێژینەوە زانستیەکان پێویستە سەرچاوە بەکارهێنراوەکان، ئەکادیمی و پشت ڕاستکراوەبن.

**چوارەم:** جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسادا دیاریکراون، ریکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە بەڕەزامەندی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە، ئەنجام دەدرێت.

**پێنجەم:** ڕادەی تیشکی ڕوناکی سەر شاشەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی سەر شەقامەکان لە ڕۆژدا لە (٥٠٠٠) لۆکس (لومنز/ م٢) زیاتر نەبێت و لە شەوانیشدا لە (٢٠٠) لۆکس (لومنز/م٢) زیاتر بێت.

**شەشەم:** دەبێت ئامرازەکانی میدیا، ریکلامی هۆشیاری نشتیمانی، رۆشنبیری، تەندروستی، هاتووچۆ و ئەو ریکلامانەی کە تایبەتن بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ژنان، بێ بەرامبەر بڵاوبکەنەوە، بۆ تەلەفزیۆنەکان لە (١) یەك خوولەك بۆ (٤) چوار خولەك لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێری پەخش، و بۆ چاپکراوەکان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت.

## ڕێگە پێنەدراوەکان

**ماددەی (٣):**

هەموو ئەو ریکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی (سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن)، ڕێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## حوکمە سزاییەکان

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ئەگەر ریکلامێك بڵاوکرایەوە، پێشێلی مەرج و ڕێگاپێنەدراوەکانی ماددەکانی (٢،٣)ی ئەم یاسایە بوو، دەبێت:

١- ڕاستەوخۆ بڵاوکردنەوەی ریکلامەکە، ڕابگیرێت.

٢- داخوازیکاری ریکلام، بەرهەمهێنی ریکلام و بڵاوکەرەوەی ریکلام، سزادەدرێن بە غەرامەکردن بەبرێك کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** هەرکەسێك بە مەبەست ریکلامێك لێبکاتەوە ، یان بیدڕێنێت ، یاخود بیشێوێنێت ، سزا دەدرێت بە :

١- غەرامەیەك كە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- پابەندکردنی بە چاککردنەوە و دانانی ریکلامەکە وەك خۆی.

٣- قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو.

**سێیەم:** لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، سزاکە دووهێندە دەبێت.

**ماددەی (٥):**

لەکاتێکدا ئەگەر سزایەکی توندتر بۆ ئەم کردارە تاوانکارییانە لە یاسا کارپێکراوەکان دا هەبوو، ئەوا سزا تووندەکە جێبەجێ دەکرێت.

**حوکمە کۆتاییەکان**

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان) بە هەماهەنگی لەگەڵ (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار) و (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٧):**

بەدەر لە حوکمی مادده (٥)ی ئەم یاسایە، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە دوای (٦٠) ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

لەبەر گرنگی ڕێکخستنی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابوری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە هاووڵاتیان، و دروستکردنی کێبڕکێی دروست بۆ بەبازاڕکردن، و کەمکردنەوەی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی ریکلام، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٠/١/١٤**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٥**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/١٢/٢٤**

**بـڕیـار**
**ژمـارە (١٥)ی سـاڵی ٢٠١٩**

پشت بە حوکمی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێـراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٢)ی رۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٤ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** خولی پاییـزەی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنـجەمی پەرلەمـانی کـوردستان ـ عێراق لە ٢٠١٩/١٢/٣١ کۆتـایی پێـدێت، درێژدەکرێتـەوە تا ٢٠٢٠/١/٣١.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠٢٠/١/١) جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هێمن هـەورامی**
**جێگری سـەرۆکی پەرلەمانی**
**کـوردستان – عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٦**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/١٢/٢٤**

**بـڕیـار**

**ژمـارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (دووەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٨) و ماددەی (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٢)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ ی بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە، لەو لیژنانەی خوارەوە:

١- (عثمان علی سمایل) لە ئەندامیەتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان .

٢- (هەورامان حمەشریف حمە رشید) لەئەندامیەتی لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی .

**دووەم:** زیادکردنی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە لەو لیژنانەی خوارەوە:

١- (عثمان علی سمایل) بۆ سەر لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.

٢- (هەورامان حمەشریف حمە رشید) بۆ سەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٩/١٢/٢٤ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٦٧٩ لە ٢٠٢٠/١/٢٠**

پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی (سی و پێنجەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، و بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٢) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٢) لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، ئەم پەیڕەوە دەرکرا:

## پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩
## پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١):-**
مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لە هەر شوێنێکی ئەم پەیڕەوە هاتبن:
**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق.
**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
**سێیەم: وەزارەت** : وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.
**چوارەم: وەزیر:** وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.
**پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا:** ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەی کەوا شارەوانییەکە دەکەوێتە سنووری کارگێڕییەکەی.
**شەشەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی شارەوانی.
**حەوتەم: سەرۆك:** سەرۆکی ئەنجومەن.
**هەشتەم: ئەندام:** ئەندامی ئەنجومەن.
**نۆیەم:یاسا:** یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو.

**ماددەی (٢):-**
**یەکەم:** پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شارەوانی پەیوەندیدار دەبێت، و دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە دەبێت کەوا شارەوانییەکە دەکەوێتە سنووری کارگێڕییەوە، و لەسەر پێشنیاری وەزارەت و یەکەی کارگێڕی تایبەتمەند.

**دووەم:** ئەنجومەنی شارەوانی هەڵدەستێت بە پیادەکردنی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسادا هاتوون جگە لەوانەی کە بەپێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ دراون بە ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان یان پارێزگار و قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان.

**سێیەم:** ژمارەی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك بە گوێرەی پۆلینکراوی شارەوانییەکان دەبێت بەپێی ئەوەی لە هەردوو ماددەی (چوارەم) و (هەژدەم)ی یاسادا هاتوون.

**ماددەی (٣):-**

**یەکەم:** ئەنجومەنی شارەوانی لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامان پێکدێت.

**دووەم:** سەرۆك بەڕێوەبردنی کاروباری ئەنجومەن لەئەستۆ دەگرێت وسەرۆکایەتیکردنی دانیشتنەکانی دەکات و پیادەی کارەکانی دەکات بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە یاسا و لەم پەیڕەوەدا پێی دراوە بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (دووەم)ی ئەم پەیڕەوە.

**سێیەم:** جێگری سەرۆك شوێنی سەرۆك دەگرێتەوە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەنجومەن، و لە کاتی ئامادەنەبوونی ئەو کارانە لە ئەستۆ دەگرێت کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێی دەسپێردرێت و ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوە پیادە دەکات.

**ماددەی (٤):-**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (دووەم)ی ئەم پەیڕەوە، دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لەوانەی خاوەن کارامەیی و پسپۆڕایەتین بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکان لە یەکە کارگێڕییەکان بەو مەرجەی ڕێژەی (٧٥%) حەفتا و پێنج لە سەدای ئەندامانی ئەنجومەن پێکبهێنن.

**دووەم:** نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان بەو مەرجەی ڕێژەیان لە (٢٥%) بیست و پێنج لە سەدای کۆی ئەندامانی ئەنجومەن زیاتر نەبێت، و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی بکەن، و ڕەچاوی بوونی ڕێژەیەك بۆ ئافرەتان بکرێت، سەرەڕای ڕەچاوکردنی بەشداریی پێکهاتەکان لەو ناوچانەی کە تایبەتمەندییان هەیە.

**ماددەی (٥):-**

پێویستە ئەندامی ئەنجومەن لە نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومییەکان هاتوو لە ماددەی (چوارەم)ی ئەم پەیڕەوە، ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادا بێت:

١- تەمەنی (٣٠) سی ساڵی تەواو کردبێت.

٢- خاوەنی لێهاتوویی یاسایی بێت.

٣- بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی زانکۆیی بەرایی بێت بۆ شارەوانی پلەی (تایبەت، نایاب، پلە یەك، پلە دوو)، و بۆ شارەوانی (پلە سێ، پلە چوار) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت بە لایەنی کەم.

٤- پێویستە خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٥- پێویستە پێگە و ناوبانگی باش بێت و بە تاوانێکی ئابڕووبەر، یان زیندانیکردن لە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست، یان تاوانی دزیی حوکم نەدرابێت، و بەشداری نەکردبێت لە یەکێك لەو تاوانانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامی داوە.

**ماددەی (٦):-**

پێویستە جێگری سەرۆك تەمەنی (٣٠) سی ساڵی تەواو کردبێت، و بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە بوارەکانی (ئەندازیاریی، یاسایی، بەڕێوەبردن، ئابووری، ژمێریاری) یان ئەوەی هاوتایانە بۆ شارەوانی پلەی (تایبەت، نایاب، پلە یەك، پلە دوو)، و بۆ شارەوانی (پلە سێ، پلە چوار) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت بە لایەنی کەم.

**ماددەی (٧):-**

**یەکەم:** نابێت هیچ کەسێك ببێتە (سەرۆك) یان (جێگری سەرۆك) یان (ئەندام) لە زیاتر لە یەك ئەنجومەن، و مەرجە پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم لە نێوان سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی یەك ئەنجومەن نەبێت.

**دووەم:** نابێت ئەندامێتی ئەنجومەن و ئەندامێتی هەر ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو بەپێی یاسا کۆبکرێتەوە.

**ماددەی (٨):-**

ماوەی خولی ئەنجومەن (٤) چوار ساڵە بەپێی حوکمەکانی یاسا، و لە کاتی پێویستدا بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر پێشنیاری وەزارەت نوێ دەکرێتەوە.

**ماددەی (٩):-**

**یەکەم:** ئەنجومەن بە لایەنی کەم یەك دانیشتنی ئاسایی لە هەفتەیەکدا گرێ دەدات و دانیشتنەکانی بە ئاشکرا دەبن.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەن یان دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن، بەو مەرجەی کۆبوونەوەکە تەنها بڕوانێت لەو بابەتانەی لە بانگهێشتنامەکەدا دیاریکراون، و گشت ئەندامەکان لەم بارەیەوە لە ماوەیەک لە (٢٤) کاتژمێر کەمتر نەبێت لە گرێدانی کۆبوونەوەکە پێڕاگەیاندیان بۆ دەکرێت.

**سێیەم:** سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە هەر فەرمانبەرێك یان کەسێکی دیکە بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە شارەزاییان.

**چوارەم:** نابێت هیچ بابەتێك کە لە خشتەی کارنامەکاندا نەهاتبێت بخرێتەڕوو یان گفتوگۆی لەسەر بکرێت تەنها ئەگەر بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان بێت.

**پێنجەم:** ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە بابەتێکی نەهاتوو لە خشتەی کارنامەکان بخاتەڕوو ئەگەر بە گرنگ زانرا دوای ڕەزامەندیی سەرۆك.

**شەشەم:** دانیشتنەکان بە ئاشکرا دەبن تەنها ئەگەر بارودۆخ پێچەوانەکەی بخوازێت لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان دوو لەسەر سێی ئەندامان دوای ڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان.

**ماددەی (١٠):-**

**یەکەم:** ژمارەی یاسایی کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەنجومەن تەواو دەبێت و بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی دواتر دوادەخرێت و ئەوکاتە ژمارەی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێت.

**دووەم:** لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك ئەوا جێگرەکەی سەرۆکایەتیکردنی دانیشتنەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم:** بڕیارەکان لە ئەنجومەن بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان وەردەگیرێت، و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی (١١):-**

ئەنجومەن بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی لە ئەندامەکانی پێکبهێنێت، و بۆی هەیە پشت ببەستێت بە کەسانی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی لە بوارەکانی کاری ئەنجومەن.

**ماددەی (١٢):-**

**یەکەم:** ئەندامێتی لە ئەنجومەن لەم حاڵەتانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت:

١- کۆتاییهاتنی ماوەی خولی ئەنجومەن.

٢- کۆچی دواییکردنی ئەندام.

٣- ئەگەر ئەندام تووشی پەککەوتەییەکی هەمیشەیی یان کەمئەندامیی یان نەخۆشییەکی ترسناك بێت و ببێتە بەربەست لە بەجێگەیاندنی کارەکانی پاڵپشت بە بڕیارێکی دەرکراو لە لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند.

٤- لەدەستدانی ئەندام بۆ پۆستی سەرۆکی فەرمانگە.

**دووەم:** ئەندامێتی لە ئەنجومەن بە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لەم حاڵەتانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت:

١- دەست لە کارکێشانەوەی ئەندام، و دەست لە کارکێشانەوەکەش بەرکار دادەنرێت لە ڕێککەوتی دەرچوونی بریاری قبوڵکردنی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی.
٢- ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی هاتوو لەم پەیڕەوە لە دەست بدات.
٣- لەسەرکارلادانی ئەندام بە هۆی ئامادەنەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن سێ جاری یەك لە دوای یەك بە بێ پاساوێکی ڕەوا، و لە دوای ئامادەنەبوونی دووەمی ئەندام هۆشداری ئاڕاستە دەکرێت بەو مەرجەی کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئامادەنەبوونی (١٢) دوازدە جار تێپەڕ نەکات لە ماوەی خولی ئەنجومەن.

**سێیەم:** حوکمەکانی هاتوو لە هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە لەسەر هەر یەکە لە سەرۆك و جێگری سەرۆك پیادە دەکرێت.

**چوارەم:** ئەگەر ئەندامێتی یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بەتاڵ بێت، شوێنگرەوەکەی بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەستنیشان دەکرێت.

**ماددەی (١٣):-**

**یەکەم:** ئەنجومەن بە هەڵوەشاوە دادەنرێت ئەگەر زیاتر لە نیوەی ژمارەی ئەندامەکانی ئەندامێتی خۆیان لە دەست بدەن.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی وەزیر بۆی هەیە ئەنجومەن لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵبوەشێنێتەوە:

١- پێشێلکاری گەورە لەو کار و ئەرکانەی پێی سپێردراوە.
٢- ئەگەر مانەوەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت.
٣- ئەگەر ئەنجومەن دەستەوەستان بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.
٤- لە حاڵەتی پێشێلکردنی دەستوور یان سەرپێچیکردنی یاساکان.

**سێیەم:** وەزارەت بە هەماهەنگی پارێزگار بۆی هەیە لیژنەیەکی کاتی پێکبهێنێت و کارەکانی ئەو ئەنجومەنە هەڵوەشێنراوەی پێ بسپێرێت بۆ ماوەیەک لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت، و لە دوای تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە پێویستە ئەنجومەنێکی نوێ پێکبهێنرێت.

**ماددەی (١٤):-**

**یەکەم:** لە حاڵەتی یەکخستنی دوو شارەوانی یان زیاتر لە ئەنجامی فراوانبوونی سنوورەکانیان و گەیشتنیان بە یەکتری، و پێکهێنانی شارەوانییە نوێیەکە، ئەوا ئەو حوکمانەی لە یاسا و لەم پەیڕەوەدا هاتوون پیادە دەکرێن.

**دووەم:** لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی ئەوا ئەو حوکمانەی لە یاسادا هاتوون پیادە دەکرێن.

**ماددەی (١٥):-**

ئەنجومەن بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسا بداتە سەرۆکی شارەوانی.

**ماددەی (١٦):-**

ماف و جیاوکەکانی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ئەندامان بە ڕێنمایی دیاری دەکرێن کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دەردەچێت.

**ماددەی (١٧):-**

پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٨):-**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە (١٨١) لە ٢٠٢٠/١/١٦**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**ڕێنمایی تایبەت بەرێکخستن و گەڕانەوەی داهات**

پاڵپشت بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١١٢٨١)لە ٢٠١٩/١٢/١٩ تایبەت بە بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە(١٥) ی ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ بە ژمارە (٣٨) لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ و پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ، بەمەبەستی ئاسانكاری جێبەجێكردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٩) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ ، ولەسەر پێشنیاری لیژنەی پێكهاتوو بەفەرمانی ئەم سەرۆكایەتییە ژمارە(٧٦٠٣) لە ٢٠١٩/١٠/١٣ تایبەت بە رێكخستن و یەكخستنەوە و گەڕانەوەی سەرجەم داهاتەكان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری پێداچوونەوەی تەرخانكراوی خەرجی وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای پێداویستی و ئەولەویەتەكان و بەگوێرەی یاسای (قانون أصول المحاسبات العامة) ژمارە (٢٨) ی ساڵی ١٩٤٠و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٥) لە ٢٠١٩/١١/٢٧،بڕیاردرابە:

**یەكەم:** گشت داهاتەكان بە رێژەی (١٠٠%) بە داهاتی كۆتایی تۆماردەكرێت لەسەر ئاستی فەسل و ماددەكان لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە ، بەمەبەستی كەمكردنەوەی رۆتینی و ئاسانكاری لە جێبەجێكردنی ئەم رێنماییە،كرداره داراییەكان لەلایەن گەنجینە پەیوەندیدارەكان دەبێت و دواتر رێژەی دیاریكراو لە خاڵی (پانزەهەم ) لەلایەن گەنجینە كانەوە تەمویل دەكرێت بەپێی شایستە بوونیان.

**دووەم:** دەستنیشانكردنی میكانیزمی پیادەكردنی وەزارەتەكان و لایەنەكانی نەبەستراو بەوەزارەت بۆ دەسەڵاتی خەرجكردن لەسەر ئەو رێژەیەی كە بۆیان دیاری كراوە لە داهاتی ناوخۆییان بەپێی برگەی (پانزەهەم)ی ئەم رێنماییە.

**سێیەم:** دیاریكردنی ئەژمێری (حیسابی) ئەو داهاتانە بە شێوەی مانگانە چەندی بە چەك وەرگیراوە چەندی بە نەختینە وەردەگیرێت ، بە دەرخستەیەك لەگەڵ تەرازووی پێداچونەوەی مانگانەدا پەسەندكراو بێت رەوانەی وەزارتمان /بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێركاری نامەڵبەندی بكرێت سەبارەت بە فەرمانگە مەڵبەندیەكان مانگانە بەلیستێكی پەسەندكراو بۆ گەنجینەی پەیوەندیدار بنێرێت.

**چوارەم:** مانەوەی ئەژمێرەكانی تایبەت بەرێژەی داهاتەكان و شیكردنەوەی رەسیدی ئەو ئەژمێرانە لە بانكە حكومیەكان و ئەهلییەكان وناردنی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری.

**پێنجەم:** لە کۆتایی هەموو ساڵێك و لە ڕێی لیژنەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری سەرجەم ئەو ڕەسیدانەی کە ماون تا ١٢/٣١ وهیچ پابەندبوونێکی دارایی وەزارەتەکانی لەسەر نییە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارتی دارایی و ئابووری و بە داهاتی کۆتایی تۆمار دەکرێت

**شەشەم:** دیاریکردنی جۆری خەرجییەکانی لەسەر ئەو بڕە داهاتەی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت مانگانە هەیەتی و تۆمارکردنی ئەو خەرجییانەی لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە لەسەر ئاستی فەسل و ماددەکان و جێگرکردنی لیستی خەرجییەکان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بۆ نەهێشتنی زیادکردن یان جێگۆرکی لە (تبویب الموازنة) .

**حەفتەم:** سەبارەت بەو خەرجییانەی کە لەو ڕێژەی داهاتەکان دەکرێت دوای خەرج کردنیان بەم شێوەیە دەبێت کە لە بڕگەی (أ-ب) روونکراوەتەوە.

أ- بۆفەرمانگە مەڵبەندییەکان پێویستە مانگانە بە لیستێکی پەسەندکراوە ڕەوانەی گەنجینەی پەیوەندیدار بکرێت لەسەرئاستی فەسل و ماددەکان تۆماربکرێت.

ب- بۆ فەرمانگە نامەڵبەندییەکان مانگانە لەگەڵ تەرازووی پێداچوونەوەی تۆماربکرێت بە لیستێك پەسەندکراو و ڕەوانەی وەزارتمان / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەرێوەبەرایەتی ژمێرکاری نامەڵبەندی بکرێت.

**هەشتەم:** دەبێت تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة) لە ماوەی (١٠) رۆژی یەکەمی سەرەتای هەموو مانگێك بنێردرێت بۆ وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەرێوەبەرایەتی ژمێرکاری نامەڵبەندی.

**نۆیەم :** پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بۆ لیستی سەرجەم ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کە بە شێوەی گرێبەست لەسەر ئەو داهاتە دامەزراون لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ،و دامەزراندنی (گرێبەست) و( کاتی) تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، و دەبێت ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت.

**دەیەم:** نابێت ڕێژەی دیاریکراوی داهات شوێنگرەوەی پێشینەی مانگانە یاخود پێشینەی بەردەوام بێت

**یازدەهەم :** خەرجکردنی پاداشت و هاندانی فەرمانبەران لەسەر ڕێژەی داهاتی دیاریکراو لەچوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی دارایی کارپێکراو ئەنجام دەدرێت بە مەرجێك مانگانە لە ( ٤٥٠,٠٠٠)چوار سەد پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**دوازدەهەم:** سەبارەت بە پارەی پیتاك وباربوو و هاوکاری دارایی وەرگیراو لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و وولاتان ویارمەتییە خێرخوازییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی و هەر جۆرە یارمەتییەکی تر ، پێویستە پەیڕەوی هەردوو ماددەی (٦) و (٢٢) لە یاسای(اصول المحاسبات العامة) ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٤٠ی هەموارکراو ، ماددەی (٣) لەیاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ ، تایبەت بە وەرگرتن و شێوازی خەرجکردن کە بۆ هەمان مەبەست تەرخانکراوە ، دواتر تۆمارکردنی لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە .

**سێزدەهەم:** پەیرەو کردنی رێنمایی وەزارەتی پلان دانان تایبەت به جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ئەو پرۆژانەی کە ئەنجام دەدرێن لەسەر رێژەی ئەو داهاتانە کە تەرخانکراوە لە دوای ئەنجامدانی گشت رێکارەکانی هاتوو لە رێنمایی ئاماژە پێکراو

**چواردەهەم:** هەر خەرج کردنێك لەسەر داهات جگە لەو رێژەی داهاتەی کە لە خاڵی (پانزدەهەم) دیاری کراوە بکرێت پێویستە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت.

**پانزدەهەم:** پێدانی دەسەڵاتی خەرجکردن لەسەر ئەو رێژانە کە لە خوارەوە هاتوون دوای جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگە و خاڵەکانی سەرەوە لە لایەن وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بەم رێژانە دەبێت کە لە خشتەی خوارەوە دا هاتووە

| ز | وەزارەت | سەرچاوەی داهات | رێژەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بۆ خودی وەزارەتەکان | بۆ گەنجینەی گشتی حکومەت |
| ١ | ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | وێستگەی کێش | ٥٠ ٪ پەنجا لە سەد | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد |
| | | تاقیگەی پیشەسازی | ٤٥ ٪ چل و پێنج لە سەد | ٥٥ ٪ پەنجا و پێنج لەسەد |
| ٢ | کارەبا | گشت فەرمانگەکان | ٨ ٪ هەشت لە سەد<br>٢ ٪ دوو لەسەد هاندان | ٩٠ ٪ نەوەد لەسەد |
| ٣ | شارەوانی و گەشتو گوزار | شارەوانییەکان | ١٥ ٪ پانزە لە سەد | ٨٥ ٪ هەشتا و پێنج لەسەد |
| | | ئاو و ئاوەڕۆکان | ٢٠ ٪ بیست لە سەد | ٨٠ ٪ هەشتا لەسەد |
| | | فرۆشتنی زەوی روکن و متمیز | ٠ ٪ سفر لە سەد | ١٠٠ ٪ سەد لە سەد |
| ٤ | پلاندانان | کۆنترۆلی جۆری | ٦ ٪ شەش لە سەد | ٩٤ ٪ نەوەد چوار لەسەد |
| ٥ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | فۆرمی عومرەکاران | ١٥ ٪ پانزە لە سەد | ٨٥ ٪ هەشتا و پێنج لەسەد |
| ٦ | گواستنەوە و گەیاندن | فرۆکەخانەی هەولێر | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد |
| | | فرۆکەخانەی سلێمانی | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد |
| ٧ | خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | دیوانی وەزارەت | ٣٨ ٪ سی و هەشت لەسەد | ٦٢ ٪ شەست و دوو لەسەد |
| | | زانکۆ کۆنەکان | ٧٠ ٪ حەفتا لەسەد | ٣٠ ٪ سی لەسەد |
| | | زانکۆ نوێیەکان | ٨٠ ٪ هەشتا لە سەد | ٢٠ ٪ بیست لەسەد |
| ٨ | بازرگانی و پیشەسازی | تۆماری کۆمپانیاکان | ١٠ ٪ دە لەسەد | ٩٠ ٪ نەود لەسەد |
| ٩ | تەندروستی | گشت فەرمانگەکان | ٣٠ ٪ سی لەسەد | ٧٠ ٪ حەفتا لەسەد |
| ١٠ | داد | تۆماری خانووبەرە | ٥ ٪ پێنج لەسەد | ٩٥ ٪ نەوەد و پێنج لەسەد |
| ١١ | ناوخۆ | ب.گ.هاتووچۆ | ١٧ ٪ حەڤدە لەسەد | ٨٣ ٪ هەشتا و سێ لەسەد |
| | | ڤیزا و نشینگەکان | ٥ ٪ پێنج لەسەد | ٩٥ ٪ نەوەد و پێنج لەسەد |
| | | کۆمپانیا ئەمنییەکان | ١٠ ٪ دە لەسەد | ٩٠ ٪ نەوەد لەسەد |
| ١٢ | پەروەردە | فرۆشگاکان | ١٠٠ ٪ سەد لە سەد | ٠ ٪ سفر لە سەد |
| ١٣ | دارایی و ئابووری | کۆنترۆلی جۆری - پلاندانان | ٦ ٪ شەش لەسەد | ٩٤ ٪ نەوەد و چوار لەسەد |

**شانزەهەم:** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١ـەوەکاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی پونگینە) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقڵاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٦.

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (بەشی ئوتێلەوانی ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٧.

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

-کردنەوەی (بنکەی تەندروستی سپێرۆ ) لە قەزای پشدەر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢.

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی سەنتەری ڕانیە بۆ ڕاهێنانەوە و دروستکردنی پەلی دەستکرد) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .
-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٨.

**بەیانی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی ئاوێنەی شار ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**

**إقليم كوردستان**

**الرئيس**

**قرار**

**رقم (١) لسنة ٢٠٢٠**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الأولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، قررنا اصدار القانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٩ الذي اصدره برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقمة (١٠) بتأريخ ٢٠١٩/١٢/١٦.

**القانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٩**

**قانون تنظيم الدعاية التجارية في إقليم كوردستان ـ العراق**

**المصطلحات**

**المادة (١) :**

يقصد بالمصطلحات الواردة في هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً: الحكومة**: حكومة إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثالثاً: الوزير**: وزير الثقافة والشباب في إقليم كوردستان ـ العراق.

**رابعاً: الوزارة**: وزارة الثقافة والشباب في إقليم كوردستان ـ العراق.

**خامساً:وسائل الإعلام**: التلفزيون، الراديو، الشبكات والصفحات الإلكترونية، الصحف والمجلات والمطبوعات الأخرى.

**سادساً: وسائل الاتصال**: تشمل خطوط التلفون والشبكات الاجتماعية ووسائل الاتصال الأخرى.

**سابعاً: الدعاية التجارية**: عبارة عن خدمة عن طريق استخدام وسائل الإعلام ووسائل الاتصال وأي أسلوب آخر من أساليب الإعلان ووسائل النقل البري والمائي والجوي ومن خلال اللوحات والجدران و الشاشات الضوئية، بهدف ترويج بضائع أو خدمات أو منتج بقصد تشجيع المستهلك على شرائه أو استخدامه .

## الشروط العامة

**المادة (٢) :**

الشروط العامة لإنتاج الدعاية ونشرها:

**أولاً**: يجب أن تحصل كل دعاية على إجازة الجهة المعنية بالمنتج قبل نشرها.

**ثانياً**: يجب أن تكون رسالة الدعاية صادقة وواضحة وبليغة.

**ثالثاً**: عند استخدام البحوث العلمية يجب أن تكون المصادر المستخدمة أكاديمية وموثوقة .

**رابعاً**: فيما عدا الحالات المحددة في القانون، تجرى الدعاية على وسائل النقل بموافقة مالكه أو ممثل مالك وسيلة النقل.

**خامساً**: يجب أن يكون مستوى أشعة الضوء على شاشات الدعاية الإلكترونية في الشوارع أقل من (٥٠٠٠) لوكس (لومنز/م٢) في النهار، وأكثر من (٢٠٠) لوكس (لومنز/م٢) في الليل.

**سادساً**: على وسائل الإعلام نشر دعايات الوعي الوطني، الثقافي، الصحي، المرور، والدعايات الخاصة بحماية حقوق الإنسان والمرأة دون مقابل، في التلفزيون لمدة (١) دقيقة واحدة إلى (٤) أربع دقائق خلال مدة (٢٤) أربع وعشرين ساعة من البث، وللمطبوعات بموجب تعليمات الوزارة.

## المحظورات

**المادة (٣) :**

تحظر جميع الدعايات التجارية المخالفة (للنظام العام، الآداب العامة، الأمن العام، الصحة العامة وحقوق الإنسان) في إقليم كوردستان ـ العراق.

## الأحكام الجزائية

**المادة (٤) :**

**أولاً**: إذا نشرت دعاية مخالفة للشروط والموانع الواردة في المادتين (٢، ٣) من هذا القانون، يجب:

١- وقف نشر الدعاية فوراً.

٢- معاقبة طالب الدعاية، ومنتج الدعاية وناشر الدعاية، بغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١٥,٠٠٠,٠٠٠) خمس عشر مليون دينار.

**ثانياً**: كل من قام قصداً بنزع دعاية أو اتلافها أو تشويهها، يعاقب:

١- بغرامة لا تقل عن (٢٥٠,٠٠٠) مائتان وخمسون ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار.

٢- يلزم بتصليح الدعاية وإعادة وضعها كما كانت.

٣- تعويض المتضرر.

**ثالثاً**: تضاعف العقوبة في حالة تكرار المخالفات الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة (٥) :**

إذا وجدت عقوبة أشد للأفعال الجرمية في القوانين النافذة فتنفذ العقوبة الأشد.

**الأحكام الختامية**

**المادة (٦) :**

على (وزارة الثقافة والشباب) بالتنسيق مع (وزارة البلديات والسياحة) و (وزارة التجارة والصناعة) والوزارات ذات العلاقة، إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

**المادة (٧) :**

فيما عدا حكم المادة (٥) من هذا القانون، لا يعمل بأي نص قانوني يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٨) :**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٦٠) يوماً على نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

نظراً لأهمية تنظيم الدعاية لغرض خدمة المستهلك والتنمية الاقتصادية وتقديم خدمات أفضل للمواطنين وخلق التنافس السليم للتسويق وكذلك الحد من الجوانب السلبية والضارة للدعاية، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٠/١/١٤**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ١٥**
**تأريخ القرار: ٢٠١٩/١٢/٢٤**

**القرار**
**رقم (١٥) لسنة ٢٠١٩**

استناداً لحكم الفقرة (رابعاً) من المادة (٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان قرر برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٩/١٢/٢٤ الآتي :

**اولاً:** تمديد الدورة الخريفية للسنة الاولى للدورة الانتخابية الخامسة لبرلمان كوردستان - العراق المنتهية في ٢٠١٩/١٢/٣١ لغاية ٢٠٢٠/١/٣١ .

**ثانياً:** يعتبر هذا القرار نافذاً من تاريخ ٢٠٢٠/١/١ وينشر في الجريدة الرسمية( وقائع كوردستان ) .

**هێمن هەورامی**
**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ١٦**
**تأريخ القرار: ٢٠١٩/١٢/٢٤**

**القرار**
**رقم (١٦) لسنة ٢٠١٩**

استناداً لحكم الفقرة (ثانياً ، رابعاً ، خامساً ) من المادة (٢٨) و المادة (٣٤) من النظام الداخلي للبرلمان كوردستان – العراق ، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية المرقمة (١٢) للدورة الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتأريخ ٢٠١٩/١٢/٢٤ ، مايلي :

**اولاً:** قبول استقالة اعضاء برلمان كوردستان – العراق المدرجة أسماءهم أدناه من عضوية اللجان الأتية :

١- ( عثمان على سمايل ) من عضوية لجنة الأعمار والاستثمار .
٢- (هورامان حمه شريف حمه رشيد ) من عضوية لجنة شؤون الشهداء والجينو سايد والمعتقلين السياسين.

**ثانياً:** اضافة اعضاء برلمان كوردستان – العراق المدرجة أسماءهم أدناه الى اللجان الأتية .

١- (عثمان على سمايل) الى لجنة شؤون الشهداء وضحايا الجينوسايد والمعتقلين السياسيين .
٢-(هورامان حمه شريف حمه رشيد ) الى لجنة الإعمار والاستثمار .

**ثالثاً:** ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٩/١٢/٢٤ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**هێمن هەورامی**
**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**